


# هاردێکی SSD خێراو بچووک

درایڤی پۆرتێبڵی SSD زۆر لەمێژنییە لە جیهانی دیجیتالیدا پەرەی سەندووە، هاردی پورتێبڵ واتە هاردی خاریجی بۆ ئەوانەی داتاکانیان ئەرشیف دەکەن ناوێکی ئاشنایە.. بەڵام رەنگە کەمتر درایڤی SSDیان دیتبێ. ئەم جۆرە ئامێرەی تایبەت بە خەزن کردن هەروەك هارد دەچێت بەڵام توانا و تایبەتمەندییەکانی بەهێزترن.. لەم ماوەیەدا سامسۆنگ درایڤە نوێیەکەی بەناوی T5 خستەڕوو. کە هەم خێراییە و هەم قەبارەی داکردنی داتاکان لەودا زۆرە و هەم بچووکیشە.

خێرایی گواستنەوەی داتاکان لەم هاردەدا ٥٤٠ میگابایت لە چرکەیەکدایە، بۆ نموونە دەتوانی ڤیدیۆی K4 تەنیا بە فۆرماتی RAW لەودا زۆر بە ئاسانی دەستکاری بکەی. ئەم هاردە پورتێبڵە چەند جۆری هەیە وەك ٢٥٠ گیگا، ٥٠٠ گیگا، ١ ترا و ٢ ترابایتی. کێشی هاردەکە تەنیا ٥١ گرامە.. ئەمەش کێشێکی زۆر کەمە. کۆدی سیکۆرتی هەتا ٢٥٦ کاراکتەری بۆ دادەنرێ، هەروەها ئەپێکی مۆبایلیشی لەگەڵدایە. هەروەها دوو جۆر کێبڵی تایبەت بە مۆبایل و بە کۆمپیوتەری لەگەڵدایە.



# باندی سامسۆنگ و تایبەتمەندییەکانی

سامسۆنگ لەم ساڵدا دەستبەندی هۆشمەندی gear fit2ی بەرهەم هێنا، کە دەکرێ بڵێین سێیەمین نەوەی نوێی دەستبەندی هۆشمەندی کۆمپانیای ناوبراوە. لەم ماوەیەدا هەندێك تایبەتمەندی نوێ بۆ دەستبەندەکە زیاد کراون وەك: چالاکییەکانی تایبەت بە مەلە کردن، پشتیوانی ئۆفلاین لە خزمەتگوزارییەکان و سیستەمی سکۆرێتی بەهێزتر..

دەستبەندی ناوبراو لەناو ئاودا تێکناچێت، بە تۆز و خۆڵ کێشەی بۆ نایەتە پێش، خاڵێکی دیکە کە لەم دەستبەندە دا هەیە و لە هاوشێوەکانیدا بەرچاو ناکەوێ ئەوەیە دەکرێت بەشێوەی ئۆفلاین گوێ لە مۆسیقی بگری، هەروەها سیستەمی GPS هەیە. گێرفیت ٢ لە هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ios سوود وەردەگرێ ساڵێکیش لە خزمەتگوزاری دیجیتالی under armour دەکرێ سوود وەربگری.




# ئامێری پزیشکی ستتوسکۆپ (لیستۆکی پزیشکی)

ئەوەی جارێك سەری لە نەخۆشخانە دابێ یان تەنانەت لایدابێتەوە یاریدەرێکی پزیشکی لا کۆڵان، دەبینێت دکتۆرەکە شتێکی وەك هیدفۆن لە گوێ دەکات و بە شتێکی دیکەش بەدڵت و جەستەتەوە دەنێ و گوێی لێدەگرێ ئەمە پێی دەگوترێت «ستتۆسکۆپ»، (stethoscope) ئێستا ئەو ئامێرە بۆ مۆبایلیش بەرهەم هاتووە، ئامێری steth Io ئەویش «لیستۆك»ێکی پزیشکیە، لەگەڵ ئاپێکەوە بۆ مۆبایل بەرهەم هاتووە بەهۆی ئەو لیستۆکە و ئاپەوە زانیاریەکانی دەرۆن لەسەر شاشەی مۆبایلەکە نیشان دەدرێن و پێشینەی نەخۆشییەکانتان لەخۆیدا تۆمار دەکات، ئەمەش بۆ ئەو پزیشکەی کە دەبێ دواتر سەردانی بکەیەوە گرنگە.


# مەچەکبەندێکی تایبەت بە نابینایان





جیهانی دیجیتالی و تەکنەلۆژیای نوێدا نابینایان سوودێکی زۆریان بینیوە، لە گۆچانی دیجیتالیەوە بگرە هەتا چاویلکەی تایبەت بە خۆیان و هەروەها ئەم دەستبەندەی کە لێرەدا تایبەتمەندییەکانی دەخەینەڕوو..

دەستبەندی جۆری sunu لە سیستەمی دەنگدانەوەی شەپۆلی دەنگ سوود وەردەگرێ. بەهۆی ئەم سیستەمەوە نابینا بە ئاسانی دەتوانێ ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە. ئەم سیستەمە هەروەك سیستەمی شەپۆلی دەنگی شەمشەمە کوێرە یان ڕاداری فڕۆکەیە.. لەسەرەتادا دەنگێك ڕەوانە دەکرێ بە گوێدان بە دەنگدانەوەکە مەودای دووری شتەکە دەزاندرێ.. بەهۆی ئەم دەستبەندەوەش دەکرێت مەودای شتەکان هەتا ٤ مەتریش دوور بن بزاندرێ.. بۆ نموونە نابینا کاتێك دیوارێکی دوو مەتر لێ دوورە، بەهۆی ئەو مەچەکبەندەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە لە دوو مەتری خۆت بەربەستێك هەیە. sunu وەك هەموو ئامێرێکی دیکە شەحن دەکرێتەوە و هەتا ٤ ڕۆژ شەحنەکەی دانابەزێت.



# مژدەیەک بۆ ئەوانەی ڤایبەر بەکاردێنن

بەربڵاوترین پرۆگرامی تۆڕی قسەکردن پرۆگرامی ڤایبەر (viber) هەرچەندە پرۆگرامەکانی دیکەش بۆ ئەم مەبەستە بەکار دێن بەڵام ڤایبەر چونکە لەوانی دیکە کۆنترە زیاتر سوودی لێوەردەگیرێت.

گرفتێك لە پرۆگرامی ڤایبەر لە وەشانەکانی پێشووتردا هەبوو ئەوەبوو کە نەدەکرا ژمارەی مۆبایلەکەت بگۆڕی، واتە نەدەکرا ئەو ئەکاونتەی کردووتەوە بۆ ژمارەیەکی دیکەی بگوازیەوە.. بەڵام لە نوێترین وەشاندا ئەم گرفتە چارەسەر کراوە و بەکارهێنەر بە ئاسانی بێ ئەوەی کە هیچ زانیارییەکی لە ئەکاونتەکەی بسڕێتەوە دەتوانێت بۆ ژمارەیەکی دیکەی بگوازێتەوە.

ئەم تایبەتمەندییە نوێیە نە تەنیا گشت پەیوەندییەکان وەك خۆی دەهێڵێتەوە، بگرە ژمارە گشتییەکان و تەنانەت بەستەکانیش خەزن دەکات، بۆ ئەوەی کە ژمارەکەت بگۆڕی یان ئەکاونتەکەت بگوازیەوە بچۆ سەر بەشی ڕێکخستنی پرۆگرام و لە بەشی change phone number هەڵبژێرە، کاتێك ئەوەت هەڵبژارد دەپرسێت ئایا تەنیا ژمارەکەت دەگۆڕی یان مەبەستە مۆبایلێکی دیکە بەکار بێنی. پاش دانانی ژمارە و مۆبایلی نوێ گشت زانیارییەکان دەگوازرێنەوە.. بەڵام ئاگادار بە گەر نیازت هەیە لەگەڵ گۆڕینی ژمارە مۆبایل، مۆبایلەکەشت بگۆڕی، دەبێ لەسەرەتادا زانیارییەکانی سەر وایبەرەکەت لە گوگل درایڤدا خەزن بکە، هەرچەندە ئۆتۆماتیکی ئەم کارە لەلایەن وایبەرەوە ئەنجام دەدرێ. پاش دانانی ڤایبەر لە مۆبایلی نوێدا زانیارییەکانی سەر گوگل درایڤ بگوازەوە، لە کۆتاییدا پەیامێك سەربارەت بە گۆڕینی ژمارە بۆ گشت پەیوەندییەکانت دەڕوات.




## کەڤەرێکی ئایفۆن تایبەت بە وێنەگرتن

مۆبایلی ئایفۆن هەرچەندە خۆی مۆبایلێکی بەهێزە بەڵام ئامێری لاوەکی زۆری بۆ بەرهەم هاتووە کە ئامێرە لاوەکییەکان کارئاسانی زۆر دەکەن، بۆ نموونە کەڤەری جۆری Switch 6 کە خۆی شەش دانە عەدەسەی تایبەتی لەگەڵدایە و بۆ گرتنی وێنەی جوان و کوالیتی بەرز زۆر گونجاوە.

هەرچەندە لێنزی زۆر تایبەت بە وێنەگرتن بۆ مۆبایلی ئایفۆن بەرهەم هاتوون، بەڵام بەهۆی قەبارەیان ناکرێت هەمیشە لە گیرفانت دابێ، کەچی کەڤەری ناوبراو هەم بەرگێکە بۆ مۆبایلەکە و هەم لێنز (عەدەسە)کانیشی کاری وێنەگری ئاسان دەکەن. بەکارهێنەر بە ویستی خۆی دەتوانێ ئەو عەدەسانە جێگۆڕکێ پێ بکات یان هەر لە کامێراکەی بکاتەوە.




## پرۆگرامێک بۆ دانان و سڕینەوەی ژێرنووسی فیلمەکان

ژێرنووسی فیلم لە زۆر جێگادا دەکرێ وەك دۆبلاژ سەیری بکرێ، بینەر بە ژێرنووسەکەی لە مەبەستی فیلمەکە دەگات. پرۆگرامگەلێکی زۆر هەیە تایبەت بەدانان و لابردنی ژێرنووس، یەکێك لەوانە پرۆگرامی MKVToolnix دیارە ئەو پرۆگرامە بۆ ئەو ژێرنووسانە دەگونجێت کە بە MKV خەزن کراون. ئەم فۆرماتە گرنگی خۆی هەیە بۆ ئەو فایلانەی کە کوالیتیان لەسەرێیە و بەڵام قەوارەیان لە خوارێیە. بەهۆی پرۆگرامی ناوبراو دەتوانی کاری دانان و سڕینەوەی ژێرنووسەکان بکەی. پرۆگرامەکە بەشێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەو وەرگێڕانەی کە نایانەوێ وەرگێڕانەکانیان بدزرێن یان دەستکاری بکرێن. هەروەها دەکرێت ژێرنووس بە فۆرماتی SRTیش بە فیلمەکەوە زیاد بکەی.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك



خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت پەسۆردی فەیسبوکەکەم لە گوگل کرۆمدا خەزن بووە، هەرکاتێك دەچمە سەر فەیسبوك بەبێ ئەوەی پەسۆردەکەم بنووسم خۆی دەکرێتەوە، چۆن پەسۆردەکەم لابەرم؟

خوێنەری بەڕێز لە گوگل کرۆم و فایرفۆکسدا زۆر وەك یەك دەچێت، بۆ ئەم مەبەستە دەچی بۆ بەشی setting و لەودا بەشی ShowPassword کە کەوتۆتە خوارەوە دەدۆزیەوە، دوای ئەو فەرمانەت لێدا، گشت ئەو پاسۆردانەی لە سایتە جۆراوجۆرەکان خەزن کراون لەوێدا نیشان دەدرێن.. هێمایەکی چاو هەیە ئەگەر دایبگری پەسۆردەکەت نیشان دەدا، ئەگینا هەر بەشێوەی خاڵن.. لەسەر پەسۆردەکە کلیك بکە و شوێنێك هەیە بۆ سڕینەوە بیسڕەوە ئیدی پەسۆردەکەت دەسڕێتەوە..

# بچووکترین کۆمپیوتەری گونجاو لەگەڵ oculus



لە سەرەتادا دەبێ بۆ ئەوانەی شارەزاییان لە oculus نییە دەڵێن ئەم وشەیە بەو یاریانە دەگوترێت کە بەکارهێنەر وەك واقیعی —مەجازی دەیان کات. هێدستی تایبەت بەو یارییە ئەمساڵ بەرهەمهاتووە و بەکارهێنەر کاتێك دەیکاتە چاوی هەر بە واقیعی خۆی لەناو یارییەکەدا دەدۆزێتەوە.

کۆمپیوتەری بچووکی GRBII یەکەم کۆمپیوتەری تایبەت بەو یارییەیە، بەهۆی ئەوەی کە کارتی گرافیکی جۆری GeForce GTX ١٠٦٠ لەسەرە، کرداری هەتا سێ قات زیاتر روونترە لە یاری تایبەت بەو هێدستە. خێرایی کۆمپیوتەرەکە یەکجار لەسەرێیە. ٧٠ فرێم لە چرکەیەکدا پرۆسیسەری جۆری core i7 ی لەسەرە.. کۆمپیوتەری ناوبراو لە شاشەی جۆری K4/UHD سوود وەردەگرێ. کۆمپیوتەرەکە بەهۆی لەسەرێ بوونی تایبەتمەندییەکانی چەندین خەڵاتی تایبەتی وەرگرتووە. ستایلی کۆمپیوتەرەکەش زۆر سەرنج راکێشە و لەگەڵ هەموو شوێنێك دەگونجێت.




## سایتی مۆزەخانەی لۆڤێر

ئەگەر نەزانی مۆزەخانەی لۆڤێر لە کوێی نەخشەی جیهان هەڵکەوتووە بێگومان ناوت بیستووە. لۆڤێری فەرەنسە یەکێك لە بەناوبانگترین مۆزەخانەکانی جیهانە و لە شاری پاریسە. ٣٥ هەزار بەرهەمی هونەری لە هەشت بەشی مۆزەخانەکەدایە ساڵانە دە ملیۆن کەس سەردانی دەکات، یاسای حەمورابی، تابلۆی خاتوونی گابەردەکان و تابلۆی بەناوبانگی مۆنالیزا لەم مۆزەخانەیە.. بۆ ئەوەی کە بە شێوەی مەجازی سەردانی بکەی سەر لە سایتی مۆزەخانە بە ئەدرەسی http://www.louvre.fr/en بدە.. زۆربەی بەرهەمە هونەرییەکان بە شێوەی پانۆرامایی دەبینی..